نێچیرڤان بارزانی : بەڕووی هەر بیر و وتەو ستەم و دەستدرێژی دژستینەوە کە روبەرووی ژنان ببێتەوە

ئەمڕۆ هەینی"نێچیرڤان بارزانی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەیامێکدا بەبۆنەی 8 مارس رۆژی جیهانی ژنان رایگەیاند:بەڕووی هەر بیر و وتەو ستەم و دەستدرێژی و هەراسانکردن و ناهەقییەکدا دەوەستینەوە کە بەرامبەر بە ژنان بکرێت.

لەڕاگەیندراوێکی سەرکایەتی هەرێمدا هاتووە:- ئەمڕۆ هەینی "نێچیرڤان بارزانی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان ،بەبۆنەی 8 مارس پەیامێکی پیرۆز بایی بۆاو کردووە کۆئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە :-

یادی هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان، بە گەرمی لە هەموو ئافرەتانی کوردستان، عێراق و جیهان پیرۆز دەکەم، لە هەوڵ و کار و خەباتیاندا بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی و تەواوی مافەکانی ژنان، وەك هەمیشە بەوپەڕی بڕوا و تواناوە هاوکار و پشتیوانیانم، هیوای بەرەوپێشچوونی بەردەوام و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

لەم یادەدا بە ڕێز و پێزانینەوە هەموو ئەو ئافرەتە بوێرانە بەبیردەهێنینەوە کە لە کاروانی خەباتیاندا بۆ پاراستن و بەرگری لە مافەکانیان سەریان نایەوە، یان بە ناهەق بوونە قوربانیی توندوتیژی و بیری توندەوی و دواکەوتوویی. دووپاتی دەکەینەوە بە هەموو

توانایەك بەووی هەر بیر و وتەو و ستەم و دەستدرێژی و هەراسانکردن و ناهەقییەکدا دەوەستینەوە کەو بەرامبەر بەژنان بکرێت.

لەکاتکدا بەگەشبینی و بەچاوی ئومێدەوە لەکارایی و بەشداری و هاوبەشیی ئافرەتان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا لەکوردستان دەوانین، دووپاتی دەکەینەوە کەخوازیاری زیاترین و وەك هەمیشەلەکار و هەوڵ و کۆششمان بەردەوام دەبین بۆ فەراهەمکردن و مسۆگەریی زیاتری و ئامادەیی و دەرفەت و پێگەی ئافرەت لەهەموو کایەو بوارەکانی ژیاندا. هەر لێرەدا داواکارین لایەنە سیاسییەکان لەهەڵبژاردنی داهاتوودا گرنگیی زیاتر بەکاندیدکردنی ژنان بدەن.

کۆمەڵگەیەکی ئازاد و شارستانیی پێشکەوتوو کەئارام و ئاسوودەبێت، کەنەوەیەکی دروست و بەتوانا پێبگەیەنێت و داهاتوویەکی باشتر بنیات بنێت، بەبێ ئازادی و یەکسانی و مافەکانی ئافرەتان نایەتەدی. بۆیەئەرکی هەمومانەلەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەبەم بۆوا و تێگەیشتنەوە، پشتیوانی لەخەباتی ژنان بکەین و تا سەرکەوتن لەگەڵیاندا بین.

هەشتی مارس لەهەموان پیرۆز بێت